# سڵاو لەهۆلاكۆ بەزێن.. سڵاو لەقەڵاو منارە.. !! ... م. حەمید عەزیز

ئەم شارەدێرینەی كوردستان، شارێكی جوان و خەڵكێكی زۆر باشی لەئامێز گرتووە.
شارێكەقەڵاكەی ئەگەڕێتەوەبۆپێتر لەحەوسەدووپەنجا ساڵ لەمەوبەر، لەدێر زەمانەوەخەڵكێكی ڕۆشنبیروشۆڕشگێڕی لەخۆگرتووەو ئێستا پایتەختی كوردستانە.
بەڵام بەداخ وكەسەرێكی زۆرەوەئەم شارەجوانەی كوردستان كەم وكوڕیەكی زۆری لەخۆگرتووەو، ئەویش كەم وكوڕی دەسەڵاتەو (ئیدارەی هەولێر) پێویستەخزمەتی ئەم شارەئازیزەبكرێ، چونكەپایتەختی كوردستانەو میوان لەهەموو لایەكەوەڕووی تێدەكاو پەرلەمانیش لەوێ یەو گرنگی ئەم شارەلەزۆر ڕووەوەیە، بۆیەپێویستەبەهەموو شێوەیەك خزمەت و گرنگی پێ بدرێ.
بەداخەوەشا رەوانی ئەم شارەكەم چالاكن و زۆربەی گەڕەك و شوێنەگشتی یەكان پەراوێز كراون.
ئەگەر مرۆڤ لەهەولێر لەماڵی لێپرسراوێك میوان بێت، هەست ئەكات لەووڵاتێكی زۆر پێشكەوتودایەوهەموو شتێك ڕێك وپێك وتەنسیقە(جوان و لەیەك چوو)، بەڵام كەلەماڵ وكۆڵانەكەدەرچووی، هێدی، هێدی هەست دەكەی چویتەوڵاتێكی تر، لەوماڵەجوان و باخچەگەورەیەوە، بۆ ئەوماڵانەی كەبەچەند سەر خێزانێكی زۆرەوەلەیەك ژوردا ئەژین، لەوخانووەبیست ژوری یەوەبۆئەومنداڵانەی كەسینی یەگوڵەبەڕۆژەبەسەرسەریانەوەسەری سوتاندون وهیچ مافێكی منداڵی شك نابەن، لەوكۆشك وتەلارەی كەكومپیوتەروپلەی ستەیشن و، ، هتد، تێدایە، بۆئەوهەژارانەی كەبەعەرەبانەچێشكەی كورای دەفرۆشن، لەومەلەوانگەو ئاوەشینەی كەبەیانیان مەلەی تیا ئەكەن، بۆ ئەوبەلوعانەی كەدەمێكەوشكن وئاویان پێدانایەت، لەونازو نیعمەتەی كەخوانەیداوەو هی، ، ، لەهەموو جۆرەخواردنێك هەیە، بۆ برسێتی و بێ كاری، لەو هەموو سەڵتەنەت ومەڵتەنەتە، بۆ تاریكی وچراداگیرساندن و تینوێتی وبێ یەكسانی كۆمەڵایەتی (الناعدالەالاجتماعیە)... هتد.
بەڕیشی كێ ڕەوایەئەم هەموو جیاوازی یەو سەدان جیاوازی تریش كەمرۆڤ پێی شەرمەبیڵێت. كەخۆت ئەكەیت بەهەولێردا تۆزێ یان زۆر دۆش دادەمێنی و، ، ، چونكەدیمەنی شار كەم تەرخەمی پێوەدیارەونەوەك وكەم زۆریش، ، ، باسی چی بكەم جادەی چاڵ یان فولكەوناعوری وشك، سەیرەئەڵێ ی دیمەنی دوای جەنگە، باسی چی بكەم لەكوێوەدەست پێ بكەم، بێ یاسایی، بێ پەیڕەوكردنی هیچ، یان باسی سەیارەی مەسئول، ، ، كەئەبێ مرورەكەئامادەباش بێت و خەڵك هەمووی بوەستێنێ و ئینجا كاكی مەسئول بڕوات، ئای، ئای لەوخەڵكەهەژارەی ئێمە، هەر ئەبێ سەیری سەیارەوماڵی جوانی ئێوەبكات، بەڵام بۆی نی یەو حەرامیشەلەخەویشدا هەناسەیەكی بەختەوەری وئۆخەیەكی پڕلەئاسودەیی هەبێت، یان خەوێكی خۆش لەماڵی خۆی و دور لەخاوەن ماڵ و بۆڵەبۆڵەكانی سەرمایەدارانی خاوەنماڵ بەدی بێنێ.
شارەوانی هەولێر كەم تەرخەمەبەرامبەر زۆر لەخزمەت گوزاری یەكانی ئەم شارە، بۆ نمونەخەڵكی ناوچەی پیشەسازی (سەناعی) بەشارەوانیان ووتوە، كەزۆر پیسی وپارچەئاسن وشتی تر لەناوچەكەهەیەوڕێگەی گرتووەو دیمەنی ناشارستانی یەوناوچەكەی ناشرین كردووە، كەچی شارەوانی خۆی نەكردوەبەخاوەنی و وتویەتی، ئەم كارەپێویستی بەكرنگێك

ولۆری یەکی فلات هەیەو لەتوانای ئێمەدا نی یەکەلای بەین. باشەچۆن خزمەتی وولات بەم شێوەیەئەکرێت، .... هتد. !؟

لەهەندێ ناوچەی وەك، سۆران، سیدەکان، .. هتد، قوتابی یەکان نارۆن بۆقوتابخانە، لەبەر ئەوەی پۆلەکان دەرگایان تیا نی یەو سەرمایان دەبێت، یان، هەندێ قوتابی تر هەن قوتابی ناوەندین ومامۆستای سەرەتایی وانەیان پێ دەڵێتەوە. بەڕاستی سەیرەتۆ بڵێ ی ئێمەزۆر نەدار بین و نەمان زانیبێ! ئەی کەواتەپارەی، ، ، وانێك، چی لێ هات!؟

هەموو نیشتمانێکی جوان بەرۆشنفیکرەوەجوانە، هەموو خێزانێکی باش بەدایك وباوکی ژیرەووەسەرکەوتن بەدەست دەهێنێ و ئەبێ بەخێزانێکی بەختیارلەکۆمەڵ دا، هەموو قوتابخانەیەکی باش زانستەکەی بەدەست مامۆستای زاناو ژیرە، نەك دارو لێدان، بەپێچەوانەوەبەسۆزوخۆشەویستی منداڵ پێبگەیەندرێ، هەموو وولاتێکی ئاوەدان بەسەرکردەو لێپرسراوی دڵسۆز ئەڕوا بەرێوەوپێش ئەکەوێ و ئەگاتەسەرتۆپکەوڕیزی دەوڵەتەپێشکەوتووەکانی دنیا. دەبا بەهەمووومان ئەم نیشتمانەبپارێزین وخزمەتی بکەین، دەبا ئەم وولاتەجوانەبپەرستین، چونکەمرۆڤی بێ وولات وەك مردوو وایە.

2005-11-16 Hamid773@hotmail. com